شیعر

شـەونم زەندی

# گەڕان بە دوای نەمریدا

لە شیکردنەوەی نیشتمانێک
پڕ لە خەونی ئاڵۆز و
پێڵووی قورسی وەنەوز
نیگاکان هەڵوەران،
لە کردنەوەی گرێکوێرەکانی
«پریاسکەی وجود»دا ..
گریمانەی قەدەر بۆ زەمەن
راڤەکردنی گوزارشتێکی بێ تەفسیرە
بۆ رەهابوونی «بیردۆزی مان و نەمان»
فەرهەنگی ئەزەل
دەخوێنینەوە.. لە دوو توێی نەژینیدا
وەلێ، کە نیگای چاوەکانمان
بەسەر دیمەنی



**ئەو نەورەسە باڵکراوانەدا دەگیرسێتەوە**

**لێمان یەقین دەبێ**

**کە «عەشق» ئەنفالێکی بەدەر و بێ ئارایە**

**لەم نیشتمانەی دوورگەیەکی**

**بێ پەنا و پەسیرە.**

........................................................

بەدەر: شاراوە

ئارا: جێگە